# نویشکێک لە هونەری کاریکاتێر

عادل شاسواری
(سلێمانی)

**بەرایی ئەم هونەرە**

(ئۆلف کارلیسل) دەڵێ: پۆلیس و ڕۆژنامەنووسان ژیانی تایبەتیان وێران کرد(١) بەڕای کارلیسل (پۆلیس) لەگەڵ (ڕۆژنامەنووس)دا دەچنە یەک پۆلبەندییەوە تەنیا جیاوازیەکەیان ئەوەیە ڕۆژنامەنووس وەک هونەرێک وەزیفەکەی جێبەجێ دەکات، بەڵام پۆلیس وەک وەزیفەیەک کارەکەی دەکات. ئەو هونەرەی کە ڕۆژنامەنووس پشتی پێ دەبەستێ بۆ تەعبیرکردن لە پەیامەکەی زۆرن، بەگوێرەی کۆمەڵگاکان و ئاستیان و کاریگەریان دەگۆڕێت.. لە کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی ئەورووپیدا ڕەنگە هونەرێکی وەک کاریکاتێر کاریگەرییەکی زۆر زیاتر بێت لەهونەری وتارنووسی یان ڕاپۆرت و...تاد.

ئەم کاریگەری (کاریکاتێرە) بەڕادەیەکە وەک لە (ڕاپۆرتی دیماهی لیژنەی نێودەوڵەتان بۆ لێکۆڵینەوەی گیروگرفتەکانی پێگەیشتن لە یونسکۆدا) هاتووە و دەڵێ:

«زەمانەگۆڕاوە.. هەڵوێستی کۆمەڵانی خەڵکیش بەرامبەر کاریکاتێر گۆڕاوە ئەمڕۆ داوایەکی زۆر سەیر لەسەر ئەم هونەرەیە، لەسەر هونەرمەندە ڕەسەنەکانێتی بەڕادەیەک مەسئولیەتێکی نوێی خستووەتە ئەستۆی هونەرمەندانی هاوچەرخ(٢) بەڵام ئەم هونەرە بەو قورساییەی کە هەیە و سەرنج دەدرێ لەجیهاندا، هێشتا لەلای ئێمەی کورد نرخی نەزانراوە، هەرچەندە لەدوای ڕاپەرینەوە پێشکەوتن ئەم هونەرەشی گرتەوە و گەیشتە ئاستێک کە چەند کەسێک لەڕێی ئەم هونەرەوە بناسرێن.

وەک هونەرمەندی کورد عەلی مەندەلاوی دەڵێ:

«مستت مەکەرەوە ڕۆممانەیەکی تەقیوی تێدایە ناوی کاریکاتێرە» (٣)




### پێناسە

**کاریکاتێر**: خەندەیە، بزەی سەرلێوە، هەناسەیەکی تەنز ئامێزە هەڵچوونی زمانی بیروڕای گشتییە، هێورکردنەوە و پشووی خوێنەرە دوای شەکەتبوونی لەگۆڕەپانی وشەدا فرمێسکێکی پنگ خواردووی پشتی پێکەنینە، ئازارێکە لەپشت گەشبینەوە، هونەرێکە پەردە لەسەر حەقیقەتی ڕووداوەکان لادەدا، ڕاستییە لەناوچەوا شەکردندا، تێڕوانینێکی قووڵە بەسادەیی ئاڵۆزییەکان دەردەبڕێت. (٤)

**کاریکاتێر**: بریتییە لە پیشاندانی کەسەکان بەشێوەی وێنە کە ڕوخسارە ئاشکراکانیان لەخۆ دەگرێت و زیادەڕۆیی دەکات لە دەرخستنی ئەو سیفەتانەی کە پێی دەناسرێت لە سەدەی (١٧) و هەندێک جار کاریکاتێر پێک دێت لە وێنە، یان وشە لەگەڵ وێنەکاندا. (٥)

کاریکاتێر (CARICATUR) وشەیەکی ئیتالییە بە مانای زێدەڕۆیی (مبالغە) دێتەوە، ئەگەر لە ڕووی مێژووی سەرەتای سەرهەڵدانیشەوە تێی بروانین بۆ چاخە کۆنەکانی پێش مێژوو دەگەڕێتەوە(٦)

وێنەکێشی کاریکاتێر: بریتییە لەو کەسەی کە توانای وێنەکێشانی کەسەکانی هەیە بەشێوەیەکی پێکەنیناوی، بە لەخۆگرتنی ڕوخسارە دیارەکانیان و زیادەڕۆیی لە پیشاندانی ئەو سیفاتانەی کە کەسەکان پێی دەناسرێت.. وێنەکێش کە هونەرمەندێکی لێهاتووە لە گاڵتەجاڕیدا و وردە لە وێنەکانیدا و زیرەکە لە هەڵبژاردنی وێنەکانیدا..(٧)

### مێژووی ئەم هونەرە

کاریکاتێر وەک هونەرێکی سەربەخۆ لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم، بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئەورووپا دەرکەوت و بڵاوبۆوە، بەڵام کاریکاتێر وەک هونەرێکی پێک هاتوو لە شێوەکاری و گاڵتەئامێز خاوەنی جێ پەنجەی دیاری خۆیەتی لە قووڵایی مێژوودا، تا ڕادەیەکی ئەوتۆچەند کەسانێک دەیبەستنەوە بە لە دایک بوونی مرۆڤەوە، دەتوانین ئەو وێنە کۆمیدیانەبێنین کە دەگەڕێتەوە بۆ پێش مێژوو، کە تێیدا مرۆڤ وێنەی ژیانی خۆی لەسەر دیوارو ئاژەڵانی دەوروبەری لەسەر تاشەبەردەکان هەڵکەندووە.

چەندان وێنەی گاڵتەئامێز و پێکەنیناوی لەسەر ئەشکەوتەکان لە فەرەنسا و ئیتالیا و ئەمەریکای باشوور دوورگەی عەرەبی و جەزائیر و چەندان شوێنی تر دۆزراوەتەوە.

دیانەتە کۆنەکان بە گرنگترین سەرچاوەکانی پێکەنین و گاڵتە دەژمێرێت لە ئەدەبدا بێت یان شێوەکاری لەسەرەتاکانی دەرکەوتنی داستاندا، خوداوەندەکان بەشێوەیەکی (پۆرترێ) پیشان نەدەدران، بەڵکو ڕوخسارە دیارەکانیان پیشان دەدرا، کە وێنەیەکی ترسناکی دروست دەکرد، یان کۆمیدی و پێکەنیناوی.

دەتوانین بڵێین مەبەست لەم زیادە ڕۆییە لە دەرخستنی ڕوخسارەکانی دەموچاودا لەسەرەتادا، بۆ پێکەنین نەبووە بۆ نموونە بابلییەکان وێنەی ڕۆحە خراپەکانیان بەشێوەیەکی ناشیرین و لە شێوەی ئاژەڵدا دەکێشا، ئەویش بۆ دروست کردنی ترس بوولە دڵدا، بەو شێوەیەش مرۆڤەکان بەشێوواندنی ئەو وێنانە، وەک تۆڵە سەندنەوەیەک لێیان دەڕوانی.

### جۆرەکانی کاریکاتێر (٨)

١- کاریکاتێری سیاسی: یەکێکە لە گرنگترین جۆرەکانی کاریکاتێر، ئەم جۆرە کاریکاتێرە بۆ چارەسەرکردنی بابەتە سیاسییە ڕاستەوخۆکان، یان ناڕاستەوخۆکان دادەنرێت، هەروەها بابەتی کاریکاتێری سیاسی وەک هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان، پێوەندییە نێو نەتەوەیی، هەوڵەکانی حکومەت دەگرێتەوە.

٢- کاریکاتێری کۆمەڵایەتی: ئەم جۆرە کاریکاتێرە

باس لەکێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکات بەشێوەیەکی گشتی وەک کێشەی جیابوونەوە (تەڵاق) و کێشەی هاوسەرگیری و کێشەی نەخۆشی (مخدرات) و کێشە نارەواکانی کە لەناو کۆمەڵگا ڕوودەدەن و بەرزبوونەوەی نرخی کەلوپەل هەروەها بۆ ماوەش دەگرێتەوە.

٣- کاریکاتێری گاڵتەوگەپ: ئەم جۆرەی کاریکاتێرە باس لە شتی کۆمیدی و پێکەنیناوی دەکات، ئامانجی ئەم جۆرە کاریکاتێرە شێوەیەکی پێکەنیناوی (کۆمیدی) بە بینەر دەدات.

٤- کاریکاتێری پۆرترەین: ئەم جۆرە کاریکاتێرە تەنیا دەموچاوی مرۆڤ پیشان دەدات کەسایەتییە گەورەکان (ناسراوەکان) بەشێوەی کاریکاتێری دەموچاویان پیشان دەدات بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بینەر.

## ڕۆڵی کاریکاتێر لە ڕۆژنامەگەریدا

هونەری کاریکاتێر لە سەرەتاکانیدا لە ڕووی جێبەجێکردنەوە هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵ جۆرەکانی تری هونەری شێوەکاری، بەشێوەیەک زۆربەی هونەرمەندەکان وێنەی تابلۆ کاریکاتێریەکانیان بە ئاو و زەیت و زۆر کەرەستەی ئاڵۆزی تر دروست دەکرد کە پێویستی بەکات هیلاکییەکی زیاتر هەبووە لە دروست کردنی.

هەر لەبەر ئەوەبوو کە کاریکاتێرییەکان بیریان لە ڕێگە چارەیەکی تر کردەوە کە لەگەڵ سروشتی کارەکەیاندا بگونجێت، هەر بۆیە کاریکاتێریان بە هونەری (گرافیک)ەوە گرێدا کە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ئامادەبوو، بۆ نموونە هەڵکەندن لەسەر بەرد و دار و ئاسن و زۆر جۆرە هونەری تری گرافیک بڵاوبوونەوەی ئاسانتر کرد و بۆ وەبەرهێنانی کاری زیاتر هێز و کاتێکی کەمتریشی ویست، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە زۆرینە ناویان لە کاریکاتێر نابوو (کوڕی گرافیکی ڕاستەقینە) و لەمەشدا ڕاست بوون، چونکە زۆرترین بەشی کاریکاتێر تا ئێستاش لەسەر ئەم ڕێبازە دەڕوات.

هەروەک چۆن بینیومانە کە لەکاریکاتێر بەهۆی پەیڕەوکردنی هونەر بۆتە هۆی ئەوەی شێوازێکی جەماوەری وەربگرێت و بچێتە دەرەوەی سنووری پێشانگا هونەرییەکان و ئەو کارانەی کە بەشێوەیەکی هونەری پیشان دەدرێت لە بینەر لە چینی ڕۆشنبیر و بایەخدەر بەهونەر بەشێوەیەکی سەرەکی بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت.

بەم شێوەیە دیوار و چڵی درەختەکان و ڕووکاری دوکانەکان بوون بە پێشانگایەک بۆ پیشاندانی کاریکاتێر کە ژمارەیەکی زۆر لە تەماشاکاریان بەخۆوە دەبینی، بەم شێوەیە ئەم هونەرە (گرافیک) پێوەندییەکی بەربڵاوی بە ژمارەیەکی زۆر لە بینەری کاریکاتێری بەلای خۆیدا ڕاکێشا لە هەموو شێوازەکان- چینەکانی (دەوڵەمەند- نەخوێندەوار- هەژار- ڕۆشنبیر...) بەڵام کاریکاتێر لەم سنوورەدا نەوەستا، چونکە لەگەڵ بوونی توانای بڵاوبوونەوەی، توانای دەست بەسەرگرتنی ئەو بڵاو بوونەوەیەشی نەبوو لە دەرەوەی سنووری وڵاتێک یان شارێک یان لادێیەک، ئەمەش بەهۆی بوونی چەندین هۆکارەوە، بۆ نموونە زۆر لەم وێنانە بەکاردەهات لە جەنگ و بەر بەرەکانی و زۆر چەمکی سیاسی لە دەرەوەی سنووری ئەو وڵاتە لەخۆ دەگرت کە تێیدا و هەروەها ئەو کەرەستانەی کە وێنەکانیان پێ دروست دەکرا، یان چاپ دەکران بەس نەبوون بۆ دەست بەسەرداگرتنی ژمارەیەکی زۆرتر لەو وێنانە، بەڵام هۆکاری سەرەکی بەڕای ئێمە نەبوونی یاسایەکی گونجاو بوو بۆ دابەش کردن هەروەک چۆن لە ڕۆژنامەدا دەبینرێت، لەبەر ئەوە کاریکاتێر بەدوای چەندان ڕێگای تازەدا دەگەڕا کە بڵاوکردنەوەی بەشێوەیەکی فراوانتر دەستەبەربکات، هەروەک چۆن خۆی لە ڕۆژنامەدا بینیوە.

هۆکاری یەک نەگرتنی کاریکاتێر بە ڕۆژنامەوە لە سەرەتای دروست بوونی ڕۆژنامەوە، بەکارنەهێنانی هونەری چاپی بەردینی لە ڕێسای چاپدا کە بەربڵاوبوو بۆ ماوەیەکی زۆر، ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی ترەوە ڕۆژنامە لەسەرەتای دروست بوونیدا هۆیەک نەبووە لە هۆیەکانی پێوەندی کردن بە خەڵکییەوە، وەک چۆن ئێستا دەیبینین.

بەڵکو بریتیی بووە لە بڵاوکراوەیەکی ڕۆژانە کە لەسەر ڕێگا بازرگانییەکان بڵاوکرایەوە کە زانیاری لەسەر باری سەلامەتی ئاسایشی ئەو ڕێگایانە تێدابووە لە شارە جیاوازەکاندا تا بازرگانەکان لەو ڕێگایانەوە دووربن کە پڕبوون لە ڕێگرو چەتەکان، پاشان ڕۆژنامە بریتی بووە لەو بڵاوکراوە یاساییانەی کە بڕیار و یاساکانی دەوڵەتی لەخۆ دەگرت هەتا ڕۆژنامەی ئەدەبی و سیاسی دەرکەوت.

دەرکەوتنی ڕۆژنامەی ئەدەبی و سیاسی هاوکات بوو لەگەڵ بەکارهێنانی هونەری چاپی بەردینی (الليموغرافيا) لە ڕێسای چاپدا، بەوشێوەیە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی چەندین وێنە کە زۆربەیان دەربارەی کارە ئەدەبییەکان بوون، تەنیا ئەوە نەبێت کە ناسینی یەکەمی کاریکاتێر لە ڕۆژنامەکاندا لەڕێگەی ڕۆژنامەکاریکاتێرییەکانەوە، کە مینبەرێک بوو




بۆ کاریکاتێریستە جیهانییەکان بوو.

یەکەمین ڕۆژنامەی کاریکاتێری لە فەرەنسا لە ساڵی (١٨٣٠) بەناوی (کاریکاتێر) دەرچوو کە سەرنووسەرەکەی (شاڵ فیلبون)ی کاریکاتێریست و ڕۆژنامەوان و وێنەکێشی فەرەنسی بوو کە ڕۆژنامەی کاریکاتێری- گاڵتە ئامێزی دەرکرد، لە ساڵی (١٨٣٢) بەناوی (هاوار) الصرخة- لەم دوو بەرهەمەدا زۆربەی کاریکاتێریستە بەناوبانگەکانی فەرەنسا لەم دوو بەرهەمەدا کاریان کردووە لەگەڵ وێنەکانی (ادومییە) و (گرافیک)، بەڵام بەریتانیا ڕۆژنامەی (بەقدوونس) بلبقدونس- کە لە ساڵی ١٨٤١ دەرچوو، یەکەمین ڕۆژنامەی کاریکاتێری وێنە ئامێزبووە لە بەریتانیا و لە ئەڵمانیا یەکەمین گۆڤاری کاریکاتێری گۆڤاری- القصاصات الطائرە- بوو کە لەساڵی (١٨٤٤) دەرچووە،

لەوڵاتە یەکگرتووەکان یەکەمین ڕۆژنامەی کاریکاتێری بریتی بووە لە (هەفتانەی هاربەر) کە لەساڵی ١٨٥٧ دەرچووە، بەڵام یەکەمین هەوڵ بۆ بەچاپ گەیاندنی ڕۆژنامەی کاریکاتێری لە (ڕووسیا) بوو کاتێک کە هونەرمەندی ڕووسی (فینیسیا نوف) دەستی کرد بەدەرکردنی گۆڤارێک بەناوی «گۆڤاری کاریکاتێر» بەڵام ئەم گۆڤارە بەردەوام نەبوو، چونکە قەیسەری ڕووسیا «ئەلیکسەندەری یەکەم» فەرمانی داخستنی دەرکرد (١ بۆ ٢) ژمارەی لێ دەرچوو ئەویش لە ساڵانی ١٨١٢.

بەڵام هۆکارەکانی گرێدانی کاریکاتێر بە ڕۆژنامەوە بەڕای ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ لە یەک چوونی بابەتەکان لەنێوان کاریکاتێرو ڕۆژنامە بەو شێوەیەی کەوادەکات ڕۆژنامە و کاریکاتێر پێویستییەکانی یەکتر تەواو بکەن.

دوای دەرکەوتنی ڕۆژنامەی کاریکاتێرئامێز بەرەبەرە- ڕۆژ لە دوای ڕۆژ- بڵاوبوەوە و بووە دیاردەیەکی گرنگ لەسەرتاپای شارەکاندا و هێزە سیاسی و حیزبیەکان بوونە سەرچاوەی پشتگیری کردنی و بەرهەمی هێنانی لە هەمان کاتدا بووە مینبەرێک بۆ کاریکاتێریستەکان بەجیاوازی بیروباوەڕی سیاسییانەوە، بەهۆی پەڕەی ڕۆژنامەکانەوە بە جەماوەر شاد دەبوون و پشتگیرییان بۆخۆیان بەدەست هێنا، گۆڤاری (کاریکاتێر) و (شاری فارسی) بووە مینبەرێک بۆ (دومییە و غرانفیل وتواخیس) چەندانی تر، گۆڤاری (بقدونس)ی ئینگلیزی بووە مینبەرێک بۆ کاریکاتێریستی ئینگلیزی (لیتش) و گۆڤاری «پەڕەفڕیوەکان»ی ئەڵمانی بووە مینبەرێک بۆ (ابوش و أویبولندر) و (الکسونی)ی فەرەنسی بووە مینبەرێک بۆ (اغرفیا) و بەشێوەیەک لە سەرتاپای شارە جیاوازەکانی جیهاندا کە تێیدا سەدان و هەزاران ڕۆژنامەیان دەرکرد.

لەسەر پەڕەی ڕۆژنامە گاڵتەئامێزەکان جەنگی کاریکاتێری دەبینین لە وڵاتە جیاوازەکان بەجیاوازی قۆناغەکانی مێژووشەوە، بۆ نموونە ئەگەر سەرنج بدەینە ئەرشیفی ڕۆژنامە لەسەرتاپای وڵاتەکانی جیهاندا، کاری کاریکاتێری دەبینین لەسەر گەورە پیاوەکانی جیهان بە شێوەیەک کە هیچ گرنگییەکیان پێنەدراوە، هەروەک چۆن ئەو وێنانەی لەسەرسمێلی (هیتلەر) و لەخۆبایبوونەکەی و لووتی (دیگۆل) و کڵاوە بازنەییەکەی و جگەرەکەی «تشوشل» و سمێڵە زلەکانی (ستالین)وە چەندان وێنەی تر کە گەورە پیاوە سیاسەتمەدارەکانی لەخۆ دەگرن.

بەڵام هیچ کاتێک کاریکاتێر نەبۆتە نارەزایی سیاسەتمەدارە گەورەکان، لەوکاتەدا کە هەندێک لە سیاسەتمەدارەکان کاریکاتێریستەکانیان بە بەشدار دەزانی لە جەنگەکاندا وەک (قلمون سمیس)ی ئەڵمانی، هەندێکی تریان کاریکاتێریان بەهۆکارێک دادەنا بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی جەماوەریتیان هەروەک چۆن «شارل دیگۆل» بێزاربوو لەوەی کە کاریکاتێریستەکان تەنیا بایەخیان بە لووتی داوە، بۆ نموونە جارێک دەڵێت (من کەسێتیم دابەزیوە لە فەرەنسا، خۆم نابینم لە وێنە کاریکاتێرییەکان کە ڕۆژنامەکان بڵاوی دەکەنەوە).

بەشێوەیەکی گشتی لەم کاتەی ئێستادا ناتوانین

کاریکاتێر و ڕۆژنامە لەیەک جیابکەینەوە، تەنانەت ئەو ڕۆژنامانەی کە تایبەتن بەو بابەتانەی کە هونەر و پێکەنین لەخۆ ناگرن، وەک ڕۆژنامە ئابوورییەکان و چەندانی تر، کاریکاتێر بڵاودەکەنەوە.

### کاریکاتێر لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا

نابێ خۆمان لەبیربکەین کە گەشەی پەروەردەیی و کرانەوەی مێشکی منداڵیمان لەسەر دەستی کاریکاتێر و کارتۆندا بووە. کە تاقە کەناڵێکی ڕەوان و ساکار بوو بۆ زانیاری پێویست و تێگەیشتن پێش ئاشنابوونمان بە پیت و ڕستە لە یادیشمان نەچێت کە کەڵە هونەرمەندی زۆر هەن بەشێوازە جیاجیاکانی (کاریکاتێری ڕۆژنامە) و (کاریکاتێری تەلەفزیۆنی- کۆمیدیا) و(کاریکاتێری بووکەڵە- دمیە)و....تاد. کاریان کردووە و بەرهەمی زۆر گەورەیان بەدەست هێناوە.

کێ دەتوانێ لەگەڵ هەموو جووڵەیەکی (چاپلن)دا خەندە و پێکەنین لەبیر خۆی بباتەوە؟ کە ناتوانێ دەبێ بزانێ کاریکاتێر چییە؟ هەرچەندە ئەو هونەرمەندانەی لەم بوارەدا کاریان کردووە و دەیکەن، لە هەموو کەس زیاتر دووچاری ئازارو دەربەدەری و ڕاوەدونان و لێپرسینەوە و زیندانی بوون دەبن، بەڵام لە بارەی مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە ئەرکێکی گەورە و گران لە ئەستۆ دەگرن. ڕەنگە بەرجەستەترین نموونە. تیرۆرکردنی (ناجی لعەلی)ی هونەرمەندی ناسراوی فەلەستینی و تیرۆرکردنی (شاهێن)ی هونەرمەندی عیراقی و دوورخستنەوەی (عیماد لحاج)ی هونەرمەندی ناسراوی ئوردونی لەسەر کاری خۆی، زیندانی کردنی کاریکاتێر عیسا ئێرانی (نیل ئاهەنگ کەوسەر) وتەنزنووس (ئیبراهیم نەبەوی)...تاد ئەمانە و چەندین هونەرمەندی کاریکاتێری ناسراوی دیکەی خاوەن هەڵوێستی کە لە پێناوی گەیاندنی وشە و ئازادی دەربڕینی ڕای سەربەستدا. ئازار دراون و ژیانیان کەوتۆتە ژێر هەڕەشەی نەیارەکانیانەوە.

بۆیە دەبێت گیانی یاخیبوون وئازایەتی وجورئەت لە هونەرمەندی کاریکاتێردا بە ئەندازەیەک بێت، زۆرجار دەست لە ژیانی خۆشی بشوات یان واز لە هەموو شتە تایبەتییەکانی بهێنێ، چونکە ئەوەی کە هەرگیز دەسبەرداری نابێ بیرکردنەوەی ئازاد و سەربەستی ڕادەربڕینیەتی لەوانەیە کاریکاتێربستە کوردیەکانیشمان بیانەوێ جێ پەنجەی هونەریان لە فەرهەنگی کوردیدا دیاری بکەن، بۆیە پێویستە تەماشاکار هانی ئەم هونەرە بدەن و هۆیەک بن بۆ گەشەسەندن و پەرەپێدانی.

ئێمە لە کوردستاندا لە ئەزموونێکی نوێدا دەژین، ئەویش گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانی لەخاکی خۆماندا، دەبێ ڕۆشنبیرانیش ئەم واقیعە لەبەرچاو بگرن و دەسەڵاتیش ڕێگای بیرکردنەوە و ڕەخنەگرتن و بیناکردنەوەیان لێ نەگرێت، هەرچەندە تارادەیەک بۆکاریکاتێریستی کورد هەنگاوێکی گەورەیە کە بتوانین لە قۆناغی بێ ئەزموونی ڕاگەیاندن و حوکمڕانی و ئیدارەکردندا نیمچە ئازادانە بەگشتی ڕەخنە لەبەرپرسی و کاربەدەست و دەسەڵاتداران بگرین جا ئەگەر هونەرمەندی کورد نەیتوانی ڕۆڵی خۆی وەک پێویست ببینێ لەبەرئەوەیە کە لە باری هونەری و فیکرییەوە لەئاست و مەسەلە بنچینەییەکانی گەلەکەیدا نییە، بەڵکو تایبەتمەندی کوردستان و دۆخە سیاسیەکەی لەم قۆناغەدا جۆرێک سانسۆری زاتی خستۆتە سەر بیروهونەری، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە پاساو بۆ دیاردە سەلبیەکان بهێنێتەوە و خۆمان تووشی خۆش خەیاڵی بکەین ئەرکی ڕۆشنبیریش نییە دەسەڵات و ڕەمزەکانی لەسەر حسابی حەمە و حەقیقەت ڕازی بکا لەڕاستیدا کتێبخانەی کوردی تا ئێستا لە نامیلکەی کاریکاتێری بێ بەش و هەژارە، دەزگا ڕۆشنبیرییەکانیش زۆر کەمتەرخەمی لەچاپکردنی ئەم جۆرە نامیلکانە تەنانەت لەناو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیشدا زۆر بە کەمی بەرچاو دەکەوێت، هۆکارەکەشی بوونی نەریتی باوە کە لە کوردستاندا ڕێگەی لە دەربڕینی بابەتی کاریکاتێری گرتووە. دەبێت ئەوە بڵێین کە بۆ بەدەست هێنانی بچووکترین ئازادی، گەورەترین ئازار و فیداکاری دەوێت، هەمیشە بۆ دەستەبەرکردنی بەردەوامی هەر هزرێکیش کات و شوێنی خۆی دەوێت، بەڵام ئەوەی کە گرنگە دەبێ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم بابەتە کۆششێکی دەزگایی بۆ فەراهەم بهێنرێ و هاندانێکیش بێ بۆ خەونی بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگا.(٩)

### هونەری کاریکاتێری کوردی

کاریکاتێر تابلۆیەکی بەهێڵ (out-line) ڕووبەری ڕەش و سپی دەکێشرێ، پشت بە زێدەڕۆیی دەبەستێ.. بیرۆکەیەک لەخۆیدا هەڵدەگرێت، زیاتر بەلای سیاسەت و باری کۆمەڵایەتیدا دایدەشکێنێ، کاری کاریکاتێر پێکەنینێک دەخولقێنێ، دەستە برای گریانە، لە پۆستەر (اعلان دعائی)یەوە نزیکە بینەر هەر بەسەرنجدانی لێی حاڵی دەبێت و چێژی لێ وەردەگرێت، هەندێ کاریکاتێر



لە وتاری دوورودرێژ کاریگەرترن وەک کۆمیدیایەک لەگەڵ ئاوەزدا دەپەیڤێ، مرۆڤ دێتە پێکەنین و تا درەنگێ کاریگەری لە یادەوەریدا دەمێنێ.

ڕۆژنامەی ئەم سەردەمە ئەگەر بەبێ کاریکاتێربوو،ئەوا بێگومان لە ڕەگەزێکی ڕۆژنامە بێبەشە و دەلاقەیەکی تێدایە، چونکە شتێک نییە هێندەی کاریکاتێر، سیاسەتمەداران سڵی لێ بکەنەوە لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا، کاتێ تەنگژەی ئابووری تەنگی بەئەمریکا هەڵچنیبوو، کاریکاتێرەوانێک بەناوی (تۆماس ناست)ەوە گەورە پیاوانی ئەو وڵاتەی لەوەزیرەوە تا ئەندامانی ئەنجومەنی پیران (سیناتۆرەکان) و پەرلەمانی کردبووە کونەوە کاریکاتێر دەتوانێ لە ڕۆژنامەدا دەوری خۆی بەچاکی بگێڕێ، چونکە بە هەزاران دانەی لێ چاپ و پەخش دەکرێ، بەفراوانی دەکەوێتە پێش چاوی خەڵک. هەربۆیە کاریکاتێریستەکان ئەگەر جڤات و سەندیکایان هەبێ، چاکتر وایە لەپاڵ ڕۆژنامەنووساندا کاری سەندیکایی خۆیان ڕاپەڕێنن.

(وێنەی کاریکاتێری، وردە وردە بە ئاسانی وا خەریکە جێگەی وتار دەگرێتەوە) زۆر کات لەلای خۆمان کە ڕۆژنامەت لێ وەردەگرن، تەنیا چاو بەوێنەکانیدادەخشێنن و پاشان دەیدەنەوە دەستت. هەروەک نەخوێندەوار بن دیارە لەم سەردەمەدا وێنە بە چەسپاوی و بەرجەستەیی تۆمار دەکات.

ڕۆژنامەکانی کوردستان بەگشتی لەم لایەنەوە هەژارن، هۆیەکەش ئەوەیە هونەرمەندی کاریکاتێرمان هێندە کەمە لە ئاستی نەبووندایە کە وێنەی کاریکاتێری بکێشێ. ئەم هونەرە چ وەک تەکنیک و چ وەک بیرۆکە پێویستی بەتوانا و لێوەشاوەیی هەیە، بۆیە زۆرجار دێن کاریکاتێر لە ڕۆژنامە عەرەبی و جیهانییەکان دەگوێزنەوە، بە تایبەت ئەو ڕۆژنامە عەرەبیانەی کە لە ڕۆژئاوا دەردەچن(١٠). وەک سەرەتایەک بۆ هونەری کاریکاتێری کوردی دەکرێت بگەڕێینەوە بۆ چەند ژانرێکی تری ئەدەبی، لەلای چەند نووسەر و بوێژێکی کورد وەک:

١- شیعر: وەک نموونەی شیعرە داشۆرینەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی و شوکری فەزلی و حەسەن کەنوش و...تاد.

٢- شانۆی ناومال: لە نووسینی مەلا مستەفای سەفوەت کە زیاتر گەپ و نوکتەی سەرەڕێی لەخۆ گرتووە کە بێجگە لەم کتێبە چەند نووسینێکی تر لەم بوارەدا ڕۆڵی خۆیان بینییەوە وەک (ڕشتەی مرواری- عەلائەدین سوجادی) «گاڵتە و گەپ- پیرەمێرد» ترش و شیرین- خاڵە ڕەجەب....تاد.

٣- ئەو وێنە هونەری و کاریکاتێریانەی کە لەناو دراماو شانۆگەری و چیرۆکە تەمسیلیە کوردییەکاندا وەکو پیسکەی تەڕ پیر، باوەژن خوا بناسە، جەنابی موفەتیش، لانەوازان، خولە چەخماخە و،...تاد.

٤- ئەو وێنە کاریکاتێریانەی کە لەدوو توێی چیرۆکەکاندا بەشێوەی نووسین یاداشت کراون وەک «کرەلۆتی مەنۆچەر» ئیبراهیم ئەحمەد، (پێکەنینی گەدا) حەسەن قزڵجی «پیرۆت و بایز» هەژار موکریانی...تاد(١١)

## کاریگەری کاریکاتێر لە دوو کۆمەڵگەی جیاوازدا

کاریکاتێر لای کورد لە ساڵانی حەفتاکاندا پەیدابووە، سەرەتا لەکاریکاتێری جیهانییەوە وەرگیراوە و پاشان کاریکاتێری خۆماڵی پەیدابووە.

لەنێو کورددا سمکۆ ناکام یەکەم کەس بووە کە کاریکاتێری کردووە، کاریکاتێریستە کوردەکان وەک چاو لێکەرییەک چاویان لەکاریکاتێریستە عەرەبەکان کردووە.

(سیروان سەید ئەحمەد) کە یەکێکە لە هونەرمەندە کوردەکانی شاری هەولێر دووەم کەس بووە کە

لەهاوکارییدا کاریکاتێری بڵاو دەکردەوە. کورتبڕی (اختزال) لەکاریکاتێردا زۆر پێویستە.

کاریکاتێر: بریتییە لەو بیرۆکەیەی کە بە خەیاڵی تۆی هونەرمەندا دێت و دەیکەی بەتابلۆیەک، کە هەموو مەرجە هونەرییەکانی تێدا بێت. کاریکاتێرەکە دەبێ لە ڕووی بیرۆکەو زمان و ئاووهەوای ناوخۆیشەوە لەگەڵ ئەو خەڵکەدا بگونجێت کە کاریکاتێرەکەیان بۆ کراوە.

ڕۆژنامەنووسی زۆر پێویستی بەکاریکاتێر هەیە و لە هەمان کاتدا کاریکاتێریش پێویستی بە کورتبڕی (اختزال) لە وشەو ڕەسمدا هەیە هونەرمەندی کاریکاتێریش دەبێ مرۆڤێکی بیرتیژ و لێهاتوو و خاوەن بۆچوون و بیرکردنەوەبێت. دەبێ لەلایەنی بیرەوە سەربەخۆبێت. هۆی پێش نەکەوتنی کاریکاتێر لە کوردستاندا نەبوونی دیموکراتیەتە، چونکە ئەو بوارە نەرەخساوە کە کاریکاتێر بتوانێت ئازادانە ڕەخنە لە هەموو لایەنێک بگرێت.

ڕۆژنامە چۆن دەتوانێ ئێمە وەک کاریکاتێریستێ بگرێتە خۆی؟

کاریکاتێر دەبێت لە (٩-١٥سم) بێت، بەواتایەکی تر دەبێت کاریکاتێر قەبارەکەی بەپێی ڕووبەری لاپەڕەی ڕۆژنامەکە بێت، گچکە کردنەوەی کاریکاتێر لە (٩سم) ڕەنگە لە بایەخە هونەرییەکەی کەم بکاتەوە.

(خوێنەر) و (بینەر) هەردووکیان تەماشای کاریکاتێر دەکەن، یەکێکیان لەڕووی هونەرییەوە ئەوی تریش لە ڕووی ماناوە(١٢).

## نموونەی چەند گۆڤارێکی تایبەتمەندی کاریکاتێر

لەدوای ڕاپەڕینەوە بە شێوەیەکی پراکتیکی لە بواری کاریکاتێر لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا بەشێوەی تایبەتمەند هاتە ئاراوە، کە لە ڕاستیدا ئەمە بۆ یەکەمین جار بوو وەک گۆڤار بڵاوکرایەوە و سەربەخۆ بەو گرنگیەوە ڕوانیتە هونەری کاریکاتێر.

کە لەلایەن کۆمەڵگای کوردیشەوە پێشوازییەکی گەرم و گوڕی لێکرا لە نموونەی ئەوانە بە نمرەی یەکەم (سیخورمە) کە خودی (ئاکۆ غەریب) پێی ڕاگەیاندین کە سیخورمە نەک هەر زەرەری مادی ناکات، بەڵکو قازانجیش دەکات، کە ئەوە نیشانەی فرۆشیەتی لە بازاڕی بڵاوکراوەکاندا.

وەک مێژووی ئەم هونەرە تایبەتە دەتوانین ئاماژە بە ڕۆڵی چەند بڵاوکراوە و گۆڤارێک بکەین کەئەمانەن:

١- فشقی تایمز:

یەکەمین بڵاوکراوەی گاڵتەجاڕی تەنز ئامێز لە کوردستانی ئازاد دەرچوو. ئەم بڵاوکراوەیە لە کۆتایی ساڵی (١٩٩٤) لەلایەن چەند خوێندکارێکەوە لە زانکۆی سەلاحەدین لەهەولێر دەرچوو، ستافەکەی پێکهاتبوو لە چوار خوێندکار، یەکەمین ژمارەی بە (سفر) دەستی پێکرد بە تیراژی (٤٠) دانەی (٨) لاپەڕەی سەرەت هیچ لایەنێک یارمەتی نەدان، بەڵام لە ژمارەی (٨) و دوای گۆڕانی دەستەی نووسەرانی لەلایەن کۆمیتەی ڕێکخستنی زانکۆی (ی.ن.ک) و کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان یارمەتی مەعنەوی دران بە تێپەڕبوونی کات دەستەی نووسەرانی زیادی کرد گەیشتە (٢٥) خوێندکار و تیراژەکەی گەیشتە (٤٠٠) دانە و بەرەو ژوور. فشقی تایمز تەنیا (٢٨) ژمارەی لێدەرچوو، بەهۆی باری سیاسی و لێکدابڕانی دەستەی نووسەرانی و نەبوونی پاڵپشتی ماددی وای کرد کە نەتوانێ لە دەرچوون بەردەوام بێت و کۆتایی پێهات.

٢- مەلای مەشهوور: گۆڤارێکی تایبەتە بە کاریکاتێر و ڕەخنە و پێکەنین، یەکەمین ژمارەی لە ١٩٩٧/٧/٧ لە هەولێردەرچوو.. گۆڤارێکی مانگانەیە و هەڵوێستی سەربەخۆیی هەیە و بەهیچ لایەنێکەوە پابەند نییە، هیچ لایەنێکیش بە ڕەسمی یارمەتی نەداوە، بە (١٦) لاپەڕە دەردەچوو.. ستافی گۆڤارەکە لە چەند کەسێک پێکهاتووە:

خاوەنی ئیمتیاز: عەبدولڕەحمان پاشا، سەرنووسەر: حەیدەر قادر.

کۆمەڵێک هونەرمەندی کاریکاتێریستی کاری هونەری تێدا دەکەن.. هەردوو شێوازی سۆرانی و بادینی بەکاردەهێنێت. گرنگیەکی زۆری بەکاریکاتێر داوە لە هەموو ژمارەکانیدا، چەندین کاریکاتێری تێدایە کە باسی لە دیاردەکان دەکات. هەروەها لە هەموو ژمارەکانیدا لاپەڕەی یەکەم و کۆتایی بریتییە لە وێنەی کاریکاتێر.

٣- ئەهۆو: توانجنامەیەکە چاکسازی کاریکاتێریە.. کۆمیتەی ڕانیەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان پازدە ڕۆژ جارێک دەری دەکرد... لە ماوەی (٦)مانگدا و بە بەردەوامی لەکاتی خۆیدا، بە (٤) لاپەڕە دەردەچوو.

ئەم توانجنامەیە ڕۆڵی گرنگی لەدەرخستنی دیاردە دزێوەکانی ناوچەکەدا هەبووە لەسەر ئەم نەهجە دووچاری چەندین کێشە و گیروگرفت بووە..

لەژێر گوشاری زۆری چەند کەسێکی یاسا شکێن کە بەهۆی توانجنامەی (ئەهۆو) وە تووشی ئیحراج دەبوون،

کۆمیتەی ڕانیەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان ناچاربوو کە تاکە مینبەری تەنز ئامێزی ناوچەکە دابخات و چیتر دەرنەچێت، ئەهۆو(١٢) ژمارەی لێ دەرچوو و دوایین ژمارەی لە ١٩٩٨/١٢/٣١ دەرچووە..

٤- پەح: بڵاوکراوەیەکی تەنزئامێزی کۆمەڵایەتی کاریکاتێرییە.. کۆمەڵێک خوێندکاری ناحیەی شۆڕشی سەربەقەزای چەمچەماڵ دەری دەکەن.. پەح بڵاوکراوەیەکی مانگانەیە.. یەکەمین ژمارەی ١٩٩٨ دەرچوو لەشێوەی نامیلکە و بە (١٤) لاپەڕە. لەلایەن خوێندکارانی ناوچەکەوەش لە ڕووی هێنانی هەواڵ و زانیارییەوە هاوکاری باش دەکران.. ماوەیەک ئەم بڵاوکراوەیە لە دەرچوون وەستا، بەڵام بەهۆی کۆمەک کردنیان لە ڕووی داراییەوە لەلایەن کۆمیتەی شۆڕشی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان.. دووبارە دەستیان کردووە بە دەرچوون.. پەح تاکو ئێستا بەردەوامە لە دەرچوون، تا ڕادەیەک گرنگی بە کاریکاتێر دەدات.

٥- دەهۆڵ تایمز: گۆڤارێکی تەنزئامێزی کۆمەڵایەتی-کاریکاتێرییە، مانگی جارێک لە هەولێر دەردەچێت.

(٢٠) لاپەڕەیە ستافی گۆڤارەکە پێکهاتووە لە: خاوەنی ئیمتیاز: خالید ئەحمەد خدر، سەرنووسەر: ڕزگارنووری شاوەیس، کاری هونەری: بەمۆ.

دەهۆڵ تایمز مۆڵەتی یاسایی لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەولێر بە ژمارە (٩٥) پێدراوە وەک گۆڤاری گاڵتەجاڕ، یەکەمین ژمارەی لە ١٩٩٩/١٢/١٥ دەرچوو، گۆڤارەکە باس لە دیاردەی ناشایستەی ناو کۆمەڵ دەکات و گرنگی تەواو بە لایەنی کاریکاتێر و وێنەی فۆتۆیی دەدات، زمانی گۆڤارەکە هەمە لایەنە و زیاتر شێوازی شێوەزاری هەولێر وگەرمیانی بەکاردەهێنێ و لاپەڕەی یەکەم و کۆتایی گۆڤارەکە لە هەموو ژمارەکانیدا بریتییە لە کاریکاتێر.

٦- سیخورمە: گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی سیاسی کاریکاتێرییە دوو هەفتە جارێک دەردەچێت، خاوەنی ئیمتیاز: ئاراس شێخ جەنگی، سەرنووسەر: د. شێرکۆ عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری هونەری: ئاکۆ غەریب، مۆنتاژ: ئەمیر بەکر قەساب، کارزان محەمەد ڕەمزی، هونەرییەکانی: محەمەد فەتاح- بازیان جەلال مشکی زادە- سائیر بەدری.

مۆڵەتی کارکردنی یاسایی لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە بە ژمارە(٢١٥) لە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٣/٨ وەک گۆڤارێکی ساتی ساتێر بۆ دەرچوو، لە ساڵی ١٩٩٨ یەکەمین ژمارەی لێدەرچوو کە ژمارە (سفر) بوو بە (١٦) لاپەڕە کە تاکو ئێستاش گۆڕانی بەسەردانەهاتووە، لە سەرەتادا بەتیراژی هەزار دانە لە ژمارە (٢٠٠)، بەڵام دوایی زیادی کرد تاگەیشتە (٨٠٠٠)دانە، بەڵام لە ژمارە (٤٨) تیراژەکەی دابەزی بۆ (٥٠٠٠) و ئێستاش بەو شێوەیە بەردەوامە.

کاریکاتێر وەک لقێکی هونەری یەکێکە لە دیارترین هونەری شێوەکاری کە سیخورمە زۆر گرنگی پێداوە، کە هونەری کاریکاتێری کردۆتە ئامرازێک بۆ دەرخستن و ڕەخنەگرتن لە دیاردە و ڕووداوە سلبیەکانی ناو کۆمەڵی کوردەواری، لە هەموو ژمارەکانیدانزیکەی (٢٠) وێنەی کاریکاتێری تێدایە و گۆشەیەکی بەردەوامی گۆڤارەکە بەناوی (لەدنیایی کاریکاتێرەوە)یەکە تایبەتە بەو بوارەوە لاپەڕەی یەکەم و کۆتاییش بریتییە لە وێنەی کاریکاتێر(١٣).

**پەراوێزەکان:**

**١- پێکەنین و بیرچوونەوە/ نووسین، میلان کۆندێرا. وەرگێڕانی: ئاوات ئەحمەد/ سەردەم، ل١٥٩.**

**٢- دراسات اعلامیة/ گۆڤاری بنکەی عەرەبی بۆ لێکۆڵینەوەی ڕاگەیاندن/ ژ٤٨/ ١٩٨٧، ل٤١٥٠.**

**٣- ڕۆژنامەی (الاتحاد)ی بەغدایی ژ(١١٣)، ١٩٨٧/٣/٦، ل٣.**

**٤- ڕۆژنامەڤانی (گۆڤاری وەرزیە)، ل٣٦٣ (کاریکاتێر لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا) ٢٠٠٢.**

**٥- (معجم المصطلحات الاعلامیة) د.کرم شلبي، الطبعة التالیة، ١٤١٥ه ١٩٩٤، دارالجیل بیروت، ل١٤٦.**

**٦- گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ل٣٦٦، ژمارە(٨) ٢٢ نیسانی ٢٠٠٢.**

**٧- (معجم المصطلحات الاعلامیة)، انگلیزی- عەرەبی (د.کرم شلبي) استاذ و رئیس قسم الصحافة و الاعلام، جامعة الازهر.**

**٨- فن الکاریکاتیر في الصحافة الدوریة./ د. ممدوح حمادة/١٩٩٩-٢٠٠٠/ دار عشتروت للنشر.**

**٩- گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە(٨) کاریکاتێر لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، نووسینی محەمەد قادر، ل٣٦٤-٣٦٥.**

**١٠- ڕۆژنامەڤانی، ژ(٨)، ل٦٥-٦٧، کاریکاتێر لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا- ئاشنا.**

**١١- ڕۆژنامەڤانی، ژمارە(٥)، ل١٨٠-١٨١، هونەری کاریکاتێری کوردی-سەردەم.**

**١٢-سی و چوار وانە لەبارەی ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە: وانەبێژ، گرفتار کاکەیی، ئامادەکردن: حەسەن یاسین، سلێمانی ٢٠٠٤، ل٤٨-٥٠.**

**١٣- گۆڤاری ڕۆژنامەنووسی، ژمارە(١)، گۆڤاری سیخورمە ئەزموونێکی نوێی ڕۆژنامەنووسی کوردی، ئامادەکردنی: دڵشاد سابیر کەریم، ل٧٢-٨١.**